چەند چەکدارێکی نەناسراو دەستیان بەسەر کەشتییەکی نەوتهەڵگری ئیسرائیلیدا گرت

بەرپرسێکی سەربازی ئەمریکا ڕۆژی یەکشەممە ڕایگەیاند چەند چەکدارێکی نەناسراو دەستیان بەسەر کەشتییەکی نەوتهەڵگری ئیسرائیلیدا گرتوە کە پێیوندی بە کەمپانیایەکی ئیسرائیلییەوە هەبووە لە کەنداوی پایتەختی وڵاتی یەمەن، ئەمەش پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانەیە کە پێشتر لەلایەن کەمپانیایەکی ئاسایشی دەریاییەوە ڕاگەیەندرا.

کاربەدەستێکە وتی: "ئاماژە هەیە کە ژمارەیەکی نەناسراو لە چەکدارانی نەناسراو لە 26ـی تشرینی دووەمدا کەنترۆڵی بارهەڵگری + Park Central MV + یان لە کەنداوی عەدەن کردووە"، ئاماژەشی بۆدا "هێزەکانی ئەمریکا و هاوپێیمانان لە نزیک ناوچەکەدان و ئەمە لە نزیکەوە چاودێری بارودۆخەکە دەکەین" دوای زنجیرەیەک ڕووداوی هاوشێوە لەسەر هەمان ڕێگای کەشتیوانی کە لە ندماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا ڕوویدا.

کەمپانیای ئاسایشی دەریایی Embry ڕۆژی یەکشەممە (26ـی تشرینی دووەمی 2023) ڕایگەیاند کە کەشتییە نەوتییەکە کە خاوەندارێتی کەمپانیایەکی بنکە لە بریتانیایە و پێیوندی بە ئیسرائیلەوە هەیە و وتیشی: "هێزی دەریایی ئەمریکا لە ئاگاداری بارودۆخەکەدایە".